# Familjecentralen

شوێنێک بۆ هەموو دایک و باوەکانی
داهاتوو و خێزانەکانی منداڵ.









FÖRENINGEN FÖR
FAMILJECENTRALERS
FRÄMJANDE



## ناوەندیی خێزانان بێ هاوتایە

ناوەندییەکی خێزانی بێ هاوتایە بەو شێوازەی کە ئێمەی لێرە کارئەکەین ئاسانتر ئەتوانین هاوکاریی بکەین و ڕێگاچارەی جیاواز بۆ پێداویستییە جیاوازەکان بدۆزینەوە. ئەمە ئاسانکاریی بۆ منداڵان و باوان ئەکات کە خێرا و ئاسان یارمەتیی وەربگرن، کاتێک کە پێداویستی تۆزێک یارمەتیی زیادە بتوانرێت پێگەیشتنی بۆ بکرێت.

کارکردن لە ناوەندییەکی خێزانیی ئاراستەکراوە بۆ بەهێزکردنی ئەوەی کە منداڵان و باوانان پێی تەندروست ئەبن و زوو پێشگیریی کردن ئەکرێت لەو بابەتانە کە لەوانەیە ببنە هۆکاری کێشە یان ناتەندروستی. ئەمەش لەڕێگەی ئەمانەوە ئەکەین:

- لەبەردەستابوونی دارایی وەک شوێنی چاوپێکەوتنی نیزیک
- بەهێزکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەوری منداڵ و باوان
- داهێنانی شێوازی کارکردن کە منداڵان و باوانان بەشدارییکەر بن تێیدا
- پێشکەشکردنی کۆمەکی لەبەردەستا بوو
- ناوەندییەکی پەیام- و زانیاریی بێت
- خزمەتگوزارییەکی باش بۆ تۆ وەک باوان پەرەپێبدات



**ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتی و کۆمەک.** ئامۆژگاریدەری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتی بە زۆرینە کۆمەڵناسن لە پێشەکەیاندا و ئەتوانن لە پرسیارگەلەکانتا و بیرلێکردنەوەکانتا یارمەتیتان بدەن، کە ئەکرێت تۆ لەسەر منداڵەکەت، دۆخی خێزانیی یان لەدەوری باوانێتی هەتبێت. لێرە ئەتوانیت یارمەتی وەربگریت لە پەیوەندیی بە فەرمانگە جیاوازەکان یان بۆ زانیارییەکی کۆمەڵایەتی تر.

**پێشخوێندگای کراوە:** پێشخوێندنگا کراوەکە دڵی ناوەندی خێزانییە و سەنتەریەتی. تۆ و منداڵەکەت ئەتوانن بۆ ئێرە بێن بۆ گەمەکرد، فێربوون، کۆمەک وەرگرتن لە باوانێتیدا و ناسینی خێزانانی تری ناوچەکە. تۆ چۆن بۆ خۆت ئەلوێت ئاوا دێیت و دەڕۆییت لە کاتەکانی کردنەوەدا، پێویست بە ئاگادارکردنەوە ناکات. لێرە مامۆستایانی پێشخوێندنگا کارئەکەن و کاروباری پلان بۆدانراو هەیە بە بۆ نموونە، خواردن چێشتلێنان، ووچانی گۆرانی یان وێنەکێشان. بەشدارییکردن دڵخوازانەیە. تۆ خۆت لە منداڵەکەت بەرپرسیت کاتێک کە لێرەن.

تۆ لێرە بەزۆرینە چاوت بە کەسانی تر ئەکەوێت کە لە ناوەندی خێزان کارئەکەن. ئەوسا ئەتوانیت هەل بقۆزیتەوە بۆ پرسیارکردن لەسەر شتێک کە لەوانەیە لە دوایین کاتی گیراودا بیرت چووبێت.

FÖRENINGEN FÖR
FAMILJECENTRALERS
FRÄMJANDE

# هەموو شتێک لەدەوری خێزانە منداڵدارەکە کۆکراوەتەوە!

ئێمە لێرەدا زۆربەی زۆری پێداویستییەکانی منداڵ، باوان یان ئەوانەی بەڕێوەن بینە باوان کۆکردۆتەوە. تۆ سەردانگەی مامان، بنکەی تەندروستی منداڵان، پێشخوێندنگای کراوە، ئامۆژگاریی پێدان و کۆمەک لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و، بەلانی کەمەوە باوان و منداڵانی ترت لەبەردەستایە.

هەمووی لەژێر یەک سەرباندا کۆکراوەتەوە. ئەوە دڵخوازانەیە، کراوەیە بۆ هەموو خێزانان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی جۆن خۆی ئەنوێنێت و هاتن بۆ ئێرە بەبێ خەرجییە (بەخۆڕاییە).

لێرە فرەزۆر بەشبوونی پیشەیی بۆ هەرە باشی تۆ و منداڵەکەت کار ئەکەن: مامانان، پەرستیاریی تایبەتمەند، مامۆستای پێشخوێندنگا و کۆمەڵناسان هەیە. سەرباری ئەوەش پزیشک، دەروونناس هەن کە ڕوویان تێبکرێت و زوربەی جاران بەشبوونە پیشەییەکاننی تر وەک بۆ نموونە، ئامۆژگارییکاری خێزان هەیە. ئێمە لێرە بۆ پاڵپشتی تۆ و منداڵەکەت هەین و خۆمان بەپێی پێداویستییەکانی ئێوە ئەگونجێنین. بەباشی ئەکرێت کە پرسیار لەسەر زوربەی شتەکان ئاراستە بکرێت، لە نیگەرانییەوە لەبارەی تەندروستی و پێشکەوتنی منداڵەکە تا کێشە جیاوازەکانی ڕۆژانە بۆ تۆ وەک باوان.

## بناخەی چالاکییەکە

**سەردانگەی مامان.** (چاودێری تەندروستی ژنان، چاودێریی دایکان).
لێرە ئەتوانیت چاوت بە مامان بکەوێت لە هەموو ماوەی دووگیانەکەتدا، گوتوبێژی تەندروستیت پێشکەش بکرێت و بەشدارییکردن لە گرووپی باواندا. زۆرجاران دووگیانی بیرۆکەی زۆر بەخەبەرئەهێنێتەوە کە تۆ ئەتوانیت لە گرووپی باوانانداا، لەگەڵ مامانەکەتدا گفتوگۆی لەسەر بکەیت، یان لەکاتی پێویستا لەگەڵ دەروونناس. کاتێک منداڵەکەت لەدایک بوو، بۆ ئێرە دێیت بۆ کۆنترۆڵی پاشینە و ئەشتوانیت ئامۆژگاریی لەسەر کەرەستە خۆپاراستن لە دووگیانی وەربگریت.



**چاودێری تەندروست منداڵ.** لێرە سەردانگەلی جیاواز پێشکەش. ئەکرێت، جاروبار لە ماڵەکەدا، تاکو منداڵەکەت لە خوێندنگا دەست پێ ئەکات. تۆ زۆرینەی جارەکان چاوت بە پەرستیارێکی پسپۆڕ ئەکەوێت بەڵام دوکتۆریش و لەکاتی پێویستدا دەروونناسیش. ئێمە لەسەردانەکاندا بەدواداچوون لەسەر پێشکەوتنی منداڵەکە ئەکەین، کوتانەکانی ئەدەینێ و گوتوبێژ لەسەر تەندروستی منداڵەکە ئەکەین، بۆ نموونە خۆراک، خەو و پێداویستی تر. کۆمەکی باوان هەم بە تاکی هەم لە گرووپدا ئەدرێت.









## پەیوەندی

ناوەندی خێزان لە هەموو شوێنەکانی وڵاتەکەدا هەیە. تکایە
زانیاری زیاتر بخوێنەوە لە ماڵپەڕی یەکگرتووەکەی پشتیوانی
ناوەندی خێزانەکان (FFFF):
www.familjecentraler.se

FÖRENINGEN FÖR
FAMILJECENTRALERS
FRÄMJANDE